ئاشتبوونەوەی گشتیی لەشاخ 1985-1987

کەی دەستپێکرد؟ سەرەتاو وردەکارییەکانی چی بوون؟ چۆن لایەنەکانی یەکێتیو پارتیو حسكو پاسۆكو شیوعی ئاشتبوونەوە؟ ئەو خاڵو مەرجانە چی بوون کە لەسەری رێکەوتنو ئاشتبوونەوە؟ وردەکاریی رێکەوتن و ئاشتبوونەوەی یەك بەیەکی لایەنەکان بەیەکەوە چی بوون؟

د.سەلام عەبدولکەریم

دوای ئەوەی یەکێتیو لایەنەکانی بەرەی جود قۆناغێکیان لەشەڕی ناوخۆ لەنێوان خۆیاندا تێپەڕاند، ئاکامەکەی بەزیانی خۆیانو جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد کۆتایی هات، جگە لەماڵوێرانیو بەفیڕۆچوونی توانا مرۆییو مادیو سەربازییەکان هیچ لایەك سودی لێنەبینی. هەرچەندە یەکێتی توانی لایەنەکانی بەرەی جود لەبەشێکی گۆڕەپانی ناوچەکانی باشوری کوردستان بەتایبەت ناوچەی سۆران وەدەربنێت، بەڵام نەیتوانی کۆتایی بەکاریگەریو هێرشی ئەوان بهێنێت. لەماوەی ئەو قۆناغەی شەڕی براکوژیدا جۆرێك لەهەستکردن بەرامبەر بەبێسود بوونی شەڕو کوشتاری یەکتری دروستبوو، لەمیانەی ئەو ماوەیەشدا چەند هەوڵێك بۆئاشتبوونەوەی لایەنەکانو کۆتایی هێنان بەشەڕو ململانێ درا، بەڵام کەڵکی نەبوو، چونکە ئەو هەوڵانە لەلایەن نوسەرانو رووناکبیرانەوە دەدران، کە لەلایەك هەوڵی تاکەکەسی بوونو هیچ فشارێکی سیاسیو سەربازیان نەبوو، تاوەکو لایەنەکانی نێو جوڵانەوەکە ناچار بکەن ئاشتببنەوەو کۆتایی بەناکۆکییەکانی نێوانیان بهێنن، لەلایەکیتریشەوە ئیرادەی ئاشتبوونەوە لەو قۆناغەدا لای لایەنەکانی نێو جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد ئامادەیی نەبوو .

لە رۆژی (1984/3/21) لەسورداشو لەمیانەی کۆبوونەوەیەکی جەماوەری فراواندا بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، جەلال تاڵەبانی وتارێکی خوێندەوەو تیایدا داوای ئاشتبوونەوەی گشتیو بانگهێشتی لایەنەکانی بەرەی جود دەکات بۆئاشتیو تەباییو چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بەرێگای وتووێژی هێمنانە، دەکات. (1) چەند جارێکیش یەکێتی نامەو نوێنەر بۆلای لایەنەکانی بەرەی جود( بەتایبەت بۆ حشع و پارتی) بەمەبەستی ئاشتبوونەوە دەنێرێت، بەڵام بەهۆی بوونی مەرجی ئەو لایەنانەوە ئەنجامی ئەوتۆی لێناکەوێتەوە. (2)

دواجار ئەوەی لەنێو لایەنەکانی بەرەی جوددا بەدەم بانگەوازەکەی یەکێتییەوە بۆئاشتبوونەوە رۆیشت، حسك بوو. سەرەتاکانی ئاشتبوونەوەی گشتیش لەنێوان حسكو یەکێتیدا لەئاشتبوونەوەو رێکەوتنێکی

ناوچەییەوە(ناوچەی سلێمانیو شارەزوور)دەستیپێکرد، بەڵام پرسی ئاشتبوونەوەی گشتی، بەواقیعی لەدوای کۆتایی هاتنی وتووێژی یەکێتیو بەعس ئەنجامی باشی لێکەوتەوە، چونکە یەکێتی لەمەسەلەی وتووێژ لەگەڵ بەعسدا بەهۆی دەستێوەردانی تورکیاو بەدەستهێنانی کۆمەکی دەرەکی لەچەند لایەنێکەوە لەلایەن عێراقەوە لەشەڕیدا لەگەڵ ئێران بێهیوا بوو. هەروەها وتوێژەکان گەیشتنە بنبەستو شتێکی ئەوتۆیان لێسەوز نەبوو،(3) جگەلەوەی بەعس وەك سەوداکارێکی جەنگ درێژەی بەوتووێژ دەدا، لەولاشەوە یەکێتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی جوددا نەمابوو.(4) هاوکات پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ سوریاو لیبیاو ئێرانیشدا بەهۆی نزیکبوونەوەو چوونە نێو وتووێژە لەگەڵ بەعس تێکچووبوو. بۆیە لەم نێوەندەدا یەکێتی بەتەنها مابوویەوە، ئەگەرچی لەو قۆناغەشدا بەهێزبوو. بۆیە یەکێتی لە رۆژی (1985/1/15) بەیاننامەیەکی لەسەر کۆتایی هاتنی وتووێژەکانی لەگەڵ بەعسدا دەرکردو(5) لەلایەن بەرەی جودیشەوە ئەمە بەهەنگاوێکی ئیجابی لەقەڵەمدرا. (6)

دوای کۆتایی هاتنی وتووێژی یەکێتیو بەعس، یەکێتی لەرێگای شەوکەتی حاجی مشیرەوە یەکەم نامە بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەحسك بەمەبەستی ئاشتبوونەوە دەنێرێت، کەدوو پێشنیازی تێدابوو، یەکەمیان: گەڕانەوەی محەمەدی حاجی مەحمود بۆناو ریزەکانی یەکێتی. دووەمیان: ئەگەر گەڕانەوەی قبوڵ نەبوو، ئەوا رێکەوتنو ئاشتبوونەوە لەسنوری ناوچەی سلێمانیدا ئەنجامبدرێت، کەئەو ئەوکاتە ناوبراو لێپرسراوی بووە.(7) (محەمەدی حاجی مەحمود)یش وەڵامی نامەکە بەپیاوێکدا بەناوی رەحیم ئیسماعیل دەنێرێتەوەو ئامادەیی بۆپیشنیازی دووەمو ئاشتبوونەوە لەگەڵ یەکێتیدا دەردەبڕێت، بەڵام لەنامەکەدا داوا دەکات، کە لەگەڵ حسك ئاشتبوونەوەی گشتی بێت، نەك تەنها لەسنوری ناوچەی سلێمانیدا بێت.(8) پاش ئاڵوگۆڕکردنی چەند نامەیەك لەنێوان هەردوولا(محەمەدی حاجی مەحمودو شەوکەتی حاجی مشیر)،(9)

دواجار دەگەنە رێکەوتننامەیەکی ناوچەیی لە رۆژی (1985/3/21)و لەگوندی ناوگردانی نزیك شارۆچکەی سەیدصادق رێکەوتننامەکە ئیمزا دەکەن.(10) خاڵەکانی ئەو رێکەوتننامەیە پێکهاتبوون لە :

1. ئاگربڕ لەنێوان هەردوولا لەرۆژی (1985/3/21)ەوە .

2. ئازادی سەربازیو سیاسی لەناوچەی شارەزوور بۆهەردوولا هەبێت، بەڵام لەناوچەکانی شارباژێرو دۆڵێ، بەئاگاداری هەردوولاو بەمۆڵەتی فەرمییەوە بێت بۆگەرمیانو قەرەداغ .

3. چەك رفاندن لەرۆژی(1985/3/21)ەوە بۆهەردوولا قەدەغە بكرێت .

4. ئیجرائاتی چەكەكانی پێشوو، كە لەنێو یەكێتی نیشتمانییەوە چوونەتە ناو حكومەت، دەكرێت .

5. دانانی لیژنەیەك بۆكاروباری كۆمەڵایەتی هەردوولا لەگەڵ رەچاوكردنی هەندێ هەڵاوێردن .

6. ئیجرائات لەگەڵ دۆستانو رێكخستنو كەسو كاری شەهیدی هەردوولا نەكرێت، بەمەرجێك بەڵگەی یەكێك لەو لایەنەی پێبێت .

7. بكوژی پێشمەرگەو جەماوەر، بەپێشمەرگە وەرنەگیرێتو حسابی بكوژی بۆبكرێت .

8. گەڕان لەگەڵ لایەنەكانی جود لەو شوێنانەی كەبوونی یەكێتی لێیە .

9. هەركەسێك لەهەرلایەك لێپرسینەوەی لەگەڵدا كرا، لەلاكەی دیكە وەرنەگیرێت .

10. كێشەكانی هەردوولا بەلیژنەیەك چارەسەر بكرێت .

11. ئەنجومەنی ئاواییەكانی شارەزوور لەلایەن لیژنەیەكەوە پێكبهێنرێتو دەسەڵاتی تەواوەتی بدرێتێ.(11)

ئەگەر سەیری خاڵەكانی رێكەوتننامەكە بكەین، تێبینی ئەوە دەكەین، بناغەیەكی باشی بۆئاشتبوونەوەی گشتی سازكردووە. لەلایەكیتریشەوە هۆكاری سەرگرتنی ئەم رێكەوتننامەیە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی هەریەكە لەمحەمەدی حاجی مەحمودو شێخ محەمەد شاكەلی، كەسەرپەرشتی ناوچەی سلێمانیو شارەزووری حسكیان دەكرد، جۆرێك لەسەربەخۆیی كاركردنو هەڵسوكەوتو بڕیاردانیان هەبوو، لەولاشەوە لەم ناوچەیەدا بەهۆی گومرگو هەندێ شتی ترەوە، جۆرێك لەساردی كەوتبووە نێو پەیوەندی نێوان حسكو لایەنەكانی بەرەی جودەوەو هەندێجاریش ئاڵۆزی كەوتبووە نێوانیانەوە، ئەمە جگەلەوەی خودی محەمەدی حاجی مەحمودیش بەرەی جودی بەمایەی زیان بۆسەر حسك لێكدەدایەوەو حەزی لێنەدەكرد. (12)

لەراستیشدا ئەم هەڵسوكەوتانەی هەریەكە لەمحەمەدی حاجی مەحمودو شێخ محەمەد شاكەلی سەربەخۆییانەو بێپرسو راكردن بەسەركردایەتی حسك بوو، هەرچەندە محەمەدی حاجی مەحمود باس لەوە دەكات، كەناوەڕۆكی نامەكانی لەرێگای خاڵەحاجییەوە بۆسەركردایەتی ناردبوو، بەڵام وەڵامیان

نەدابوويەوە.(13) ئیتر یان ئەوەبووە خاڵەحاجی نەیگەیاندبوون، یاخود سەرکردایەتی حسك بەهۆی بوونی شەڕو کوشتار لەگەڵ یەکێتیداو لەولاشەوە بەهۆی بوونیان لەبەرەی جوددا پێیان خۆشنەبووە لەگەڵ یەکێتیدا ئاشتببنەوە. بۆیە هەم سەرکردایەتی حسكو هەم لایەنەکانی بەرەی جودیش جگە لەپاسۆك(بەتایبەت حشعو پارتی)دژی ئەم ڕێکەوتننامەو ئاشتبوونەوە ناوچەییە بوون. لەکۆبوونەوەیەکی لایەنەکانی بەرەی جودیشدا لەراژان رەخنە لەسەرکردایەتی حسك دەگرنو فشار دروستدەکەن، کەبەرەی جود یان سەرکردایەتی حسك بەیاننامەیەکی سەرکۆنەکردن دژی محەمەدی حاجی مەحمودو شێخ محەمەد شاکەلی دەربکەن. (14)

دوای سوربوونو پێداگرتنو روونکردنەوەی بارودۆخەکەو قەناعەتپێکردنی سەرکردایەتی حزبەکەیان، ئەوەبوو شێخ محەمەد شاکەلی بەهاوڕێیەتی عەبدولخاق هەورامیو دوو پێشمەرگە سەردانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەیاخسەمەر دەکەنو دوای ئەویش چەند جارێك محەمەدی حاجی مەحمود سەردانی یەکێتی دەکاتو گفتوگۆ لەگەڵ جەلال تاڵەبانیو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا دەکات. (15)

شێخ محەمەد شاکەلی لەمبارەیەوە دەڵێت:"دوای ئەوەی رێکەوتننامەو ئاگربڕە ناوچەییەکەی ئێمەو یەکێتی بەباشی شکایەوە، سەرکردایەتیی یەکێتی داوای وتووێژی راستەوخۆیان کردو ئێمەش لە مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوەمان کردو زۆر پێشنیاز هەبوو، دوایی لەسەر پێشنیازی من لەگەڵ عەبدولخالق هەورامیو دوو پێشمەرگە سەردانی سەرکردایەتی یەکێتیمان کردو لەلایەن جەلال تاڵەبانیو ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتییەوە پێشوازی گەرم کراین".(16) هاوکات ناوەڕۆکی بەشێکی زۆری ئەو نامانەش، کە لەوماوەیەدا لەنێوان یەکتردا ئاڵوگۆڕ دەکران، دەربڕی پەرۆشی بوو بۆئاشتبوونەوە لەگەڵ یەکترو کۆتایی هێنان بەشەڕو ناکۆکی رابردوو.(17) ئاکامی ئەم سەردانو چاوپێکەوتنانە ئەوەی لێکەوتەوە، کەوەفدێکی سەرکردایەتی حسك، کەپێکهاتبوون لە:(قادر جەباری، شێخ محەمەد شاکەلی، خاڵە حاجی)، لەرۆژانی (18-1986/4/24) بۆیاخسەمەر چوونو لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتیدا کۆبوونەوەو بەدیاریکراویش لەرۆژی (1986/4/21) رێکەوتننامەیەکی گرنگیان پێکەوە ئیمزاکرد. (18)

ئەو خاڵانەی لەو رێکەوتننامەیەدا هاتبوو بریتیبوون لە :

ئەلف- لایەنی سیاسی :

1. ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەنێوان هەردوولا لەسەر هەموو ئەو مەسەلانەی لەکوردستانو عێراقو ناوچەکە دێنە

پێشەوە .

2. لەرۆژی ئیمزاکردنی ئەم رێکەوتننامە بەدواوە هەردوولا بەڵێنی بەیەکتری دەدەن، لەهیچ میحوەرێکی سیاسی دژی ئەویتر بەشدار نەبن‌و لەگەڵ هیچ لایەنێکی سیاسی دژ بەیەکتر پێکنەیەن .

3. هەوڵدان بۆدۆزینەوەی خاڵی هاوبەش‌و قوڵکردنەوەیان‌و کارکردن لەسەریان .

4. هاوکاریکردنی یەکتری بۆئەوەی لایەنەکانی تر مافی چارەی خۆنوسین بۆگەلی کورد لەعێراقدا بسەلمێنن .

5. هەوڵدان بۆیەکخستنی رێکخراوە دیموکراتی‌و پیشەییەکانی کوردستان لەناوەوەو دەرەوەی وڵات .

6. گۆڕینەوەی زانیاریی هەمەلایەنە لەنێوان هەردوولادا .

7. ئەم هاوکارییە هەنگاوێکی کرداری بێت بۆئاشتبوونەوەیەکی گشتی لایەنە کوردستانی‌و عێراقییەکان، بۆبنبڕکردن‌و نەهێشتنی شەڕی ناوخۆ بەرەو پێکهێنانی بەرەی کوردستانی‌و بەرەی فراوانی عێراقی، کەمافی چارەی خۆنوسین بۆگەلی کورد بسەلمێنن. (19)

بێ- لایەنی راگەیاندن :

1. یارمەتیدانی یەکتری بۆگەشەپێدانی کاری راگەیاندن لەسەر مەسەلە هاوبەشەکان .

2. تەرکیزکردن لەسەر پێویستی هاوکاری‌و یەکخستنی خەباتی شۆڕشگێڕانە دژی حکومەت‌و هێنانەدی مافەکانی گەلەکەمان لەسەر بناغەی مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کورد .

3. بڵاوکردنەوەی هەواڵی رۆژو چالاکی یەکتر .

4. هاوکاری هونەری بۆگەشەپێدانی رۆژنامەو رادیۆی هەردوولا. (20)

جیم- لایەنی سەربازی :

1. هاتوچۆکردن بۆناوچەکان بەئاگاداری یەکتر بێت، بەگوێرەی(چوابگ واسس)و پێویستییەکانی، کە لەکۆبوونەوە خولییەکاندا بڕیاری لەسەر دەدرێت .

2. نابێت هەردوولا پێشمەرگەی محاسەبەکراوی راکردووی یەکتری وەربگرن یاخود یارمەتی بدەن .

3. پێشمەرگە بۆی هەبێت لەئەنجامی قەناعەتی خۆی لەیەکێك لەم دوو لایەنەوە بۆلای یەکتری بگوازێتەوە،

بەبێ چەك، مەگەر چەکەکە بەبەڵگە هی خۆی بێت .

4. هەوڵدان بۆجێبەجێکردنی چالاکیی سەربازیی هاوبەش دژی هێزەکانی حکومەت بەرێکەوتن لەنێوان مەڵبەندی(ی.ن.ك)و لقی حسکدا .

5. هەوڵدان بۆخۆشکردنی زەمینەی یەکخستنی هێزی پێشمەرگە. (21)

دوای ئەم رێکەوتنە جارێکیتر شاندێکی باڵای حسك، کەپێکهاتبوون لە(رەسوڵ مامەند، عەدنان موفتی، سەیدکاکە، خاڵەحاجی، محەمەدی حاجی مەحمود)، لەرۆژی (11-1986/7/13) سەردانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەکەنو لەلایەن (جەلال تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا، د.فوئاد مەعسوم، فەرەیدون عەبدولقادر)ەوە پێشوازی دەکرێنو پاش چەند رۆژێك وتووێژ، راگەیەنراوێك بەزمانی عەرەبی دەردەکەنو تیایدا، باس لەپێویستی بەدەنگەوە هاتنی لایەنە سیاسییە کوردییەکان بۆ ئاشتبوونەوەو کۆتایی هێنان بەکوشتاری ناوخۆ لەپێناوی دانانی بەردی بناغەی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی دژی حکومەتی فاشی بەغدا، بەئامانجی وەدەستهێنانی مافە رەواکانی کوردو مافی چارەی خۆنوسین، دەکەن. هەروەها هەردوولا لەسەر چەند خاڵو تەوەرەیەك رێککەوتن لەوانە :

ئەلف- ئاشتبوونەوەی هەمەلایەنەی هەردوولاو پێکهێنانی بەرەیەکی بەرهەڵستیکاری بۆهێزە کوردییەکان .

بێ- رێکخستنی کاروباری دارایىو گومرگو بڕینەوەی رێژەیەك لەپارەی گومرگی مانگانە بۆحسك .

جیم- دابینرکردنی بڕی(30) هەزار دینار مانگانە بۆحسك لەلایەن یەکێتییەوە.(22) هەر لەم سەردانەی حسکدا داوای ئاشتبوونەوەی یەکێتی لەگەڵ سەرجەم لایەنەکانی تری بەرەی جود بەگشتیو پارتی بەتایبەت دەکرێتو هەردوولا(یەکێتیو حسك) رێکدەکەون، لەسەر ئەوەی حسك هەوڵی ناوبژیوانی بۆئاشتبوونەوەی نێوان یەکێتیو پارتی بدات. (23)

ئەم رێکەوتنو ئاشتبوونەوەیەی نێوان حسكو یەکێتی، ئەگەرچی لەسەرەتاوە ئاگربڕێکی ناوچەیی بوو، بەڵام دوایی بوو بەسەرەتایەك بۆرێکەوتنو ئاشتبوونەوەی گشتی لەنێوان یەکێتیو لایەنەکانی بەرەی

جوددا. هاوكات ئەم ئاشتبوونەوەیە گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو، چونكە كۆتایی بەشەڕو ناكۆكی نێوان یەكێتی‌و حسك لەلایەك‌و لەدواتردا یەكێتی‌و لایەنەكانی بەرەی جود هێناو بوو بەئامرازو زەمینەیەكی لەبار بۆپێكهێنانی بەرەی كوردستانی‌و یەكخستنی هەوڵ‌و توانا سیاسی‌و سەربازییەكان دژی حكومەتی بەعس لەعێراقدا، ئەمە جگەلەوەی زۆر مەسەلەو شتی بنەڕەتی چارەسەركردبوو، كەجێگەی ناكۆكی‌و شەڕو شۆڕی نێوان یەكێتی‌و لایەنەكانی بەرەی جود بوو، بە تایبەت مەسەلەی ناوچەی دەسەڵات‌و فەرمانڕەوایی.(24) لەلایەكیترەوە حسك لەم هەوڵەدا دەستپێشخەری كردو وەپیر بانگەوازەكەی یەكێتییەوە بۆ ئاشتبوونەوە رۆیشت‌و ئەو بەربەست‌و فشارانەی شكاندو تێپەڕاند، كە لەبەردەم پرۆسەی ئاشتبوونەوەی گشتیدا لەنێوان

یەكێتی‌و لایەنەكانی بەرەی جود لەو قۆناغەدا هەبوون، بەتایبەت فشاری ئێران لەسەر لایەنەكانی بەرەی جودو رێگانەدان بەر لەخۆی بۆئاشتبوونەوە لەگەڵ یەكێتیدا.(25) ئەم هەوڵ‌و دەستپَشخەرییەی حسك، بۆئەو قۆناغەی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی كورد بوێرییەكی گرنگ بوو .

دوای ئاشتبوونەوەی حسك‌و یەكێتی، سەرەتا زەمینەیەكی لەبار بۆئاشتبوونەوەی یەكێتی‌و لایەنەكانی تری بەرەی جود هاتەئاراوە. حسك باس لەوە دەكات پێشوەخت لەبڵاوكراوەكانی خۆیاندا بەئاشكرا داوای ئاشتبوونەوەی گشتی‌و یەكڕیزیی‌و تەبایی نێوان لایەنە سیاسییەكانی كوردستانیان كردووەو بانگەوازیان بۆلابردنی كۆسپ‌و رێگرەكانی بەردەم ئاشتبوونەوە ئاراستەی لایەنەكانی نێو جوڵانەوەی كوردی ئەو قۆناغە بۆكۆتایی هێنان بەشەڕی ناوخۆ كردووە.(26) ئەوەبوو بەهەوڵی حسك توانرا لەنێوان یەكێتی‌و پاسۆكدا ئاشتەوایی دروستبكرێت، بەتایبەت پاش چاوپێكەوتن‌و دیداری نێوان ئازاد مستەفا لەپاسۆك‌و محەمەدی حاجی مەحمود لەحسك. لەو دیدارەدا ئازاد مستەفا پێشنیاز دەكات حسك، بۆئاشتبوونەوەیان لەگەڵ یەكێتیدا رۆڵ ببینێت، تەنانەت كاتێك یەكێتی رادیۆكەیان لەدەنگی شۆڕشی عێراقەوە بۆدەنگی كوردستان دەگۆڕن، پاسۆك پیرۆزبایی ئەم هەنگاوە لەیەكێتی دەكات‌و هانی حسكیشیان دابوو وەپیر بانگەوازەكەی یەكێتییەوە بۆئاشتبوونەوە بچێت‌و لەكۆبوونەوەی لایەنەكانی بەرەی جودیشدا لەراژان، بەرگری زۆریان لەهەڵوێستی شێخ محەمەد شاكەلی‌و محەمەدی حاجی مەحمود كردبوو، بەوەی لەگەڵ یەكێتیدا رێكەوتنی ناوچەییان لەسنوری ناوچەی سلێمانی‌و شارەزووردا ئیمزاكردووە.(27) بۆیە شاندَیكی پاسۆك، كەپێكهاتبوون لە(ئازاد مستەفا، مولازم كەریم، شەماڵ)، لەرێگای خاڵەحاجی ئەندامی مەكتەبی سیاسیی حسكەوە بۆبێژۆی‌و یاخسەمەر بۆلای یەكێتی بەڕێدەخرێن، پاش یەكتر بینینی شاندی پاسۆك‌و یەكێتی، بەیاننامەیەكی هاوبەش پێكەوە دەردەكەن‌و رێكدەكەون‌و ئاشتدەبنەوە. دوای ئاشتبوونەوەشیان

پاسۆك بنكەو بارەگاكانیان دەبەنە ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی یەكێتی لەدۆڵی جافەتیو مالومە.(28 (

هەر لەم ماوەیەداو لەناوەڕاستی ساڵی (1986)داو لەرێگای حسكەوە هەندێ نامە لەنێوان سەركردایەتی یەكێتیو پارتیدا بەئامانجی نزیبكوونەوەو ئاشتبوونەوە ئاڵوگۆڕ دەكرێت، بۆیە لەرۆژی (1986/5/25)دا، نوێنەرانی سەركردایەتی یەكێتیو پارتی لەبارەگای حسك لەگوندی كاولان كۆبوونەوەو پەیوەندییەكانی نێوانیان ئاسایی كردەوەو تەنانەت دواتریش گەرمو گوڕی تێكەوت.(29) بەهۆی هەوڵو ناوبژیوانی حسكو ئامادەیی هەردوولا بۆ ئاشتبوونەوە لەرۆژی (1986/11/7) ئیدریس بارزانیو جەلال تاڵەبانی لەتاران كۆبوونەوەو لەسەر هاوكاریو تەنسیق لەنێوانیاندا رێكەوتنو بەیاننامەیەكی دوو قۆڵییان دەركردو لەسەرجەم كوردستاندا بەزمانی كوردیو عەرەبی بڵاوكرایەوەو لەسەر چەند خاڵێك رێكەوتن.(30) دواتریش پرۆژەیەكیان بەناوی(پرۆژەی هاریكاری لەنێوان پارتیو یەكێتی) لەرووی سیاسیو سەربازیو راگەیاندنەوە دەركرد. (31)

هاوكات هەر لەم قۆناغەدا حسك، لەهەوڵدان بۆئاشتكردنەوەی یەكێتیو لایەنەكانی تری بەرەی جود، كەمتەرخەم نەبوو، بەتایبەت كاتێك لەلایەن مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی، كەبەرپرسی ناوچەی كەركوكو سلێمانی حسع بوو، لەرێگای چەند نامەیەكەوە لەمانگی (1986/4)دا، كە بۆ عەبدولخالق هەورامیو دواتریش بۆمحەمەدی حاجی مەحمودی دەنێرێت، تیایاندا داوا دەكات حسك رۆڵی ناوبژیوانی بۆ ئاساییكردنەوەی پەیوەندییەكانیان لەگەڵ یەكێتیدا ببینێت.(32) بۆیە پاش هەوڵی ناوبژیوانی حسك لە مانگی (1986/5)دا لەرێگای خاڵەحاجییەوە، مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی دەگاتە سەفرەو زەروونو لەگەڵ جەلال تاڵەبانی بەیەك دەگەنو پرسی ئاشتبوونەوە تاوتوێدەكەن. ئاكامی هەوڵو تەقەلای حسكو نامەكانی مەلا ئەحمەدو چاوپێكەوتنی ناوبراو لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، لەناوەڕاستی مانگی(كانوونی دووەمی 1987)دا نوێنەرانی حسع، كەپێكهاتبوون لە (عەبدورەزاق سافی، مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی) لەراژان لەگەڵ نوێنەری یەكێتی، كەبریتی بوو لە(فەرەیدون عەبدولقادر)كۆدەبنەوە. لەو كۆبوونەوەیەدا بەیاننامەو رێكەوتننامەیەك دەردەكەنو تیایدا لەسەر چەند خاڵێك رێكدەكەون. (33)

دواجار تەنانەت حسك رۆڵیشی هەبوو لەئاشتكردنەوەی یەكێتیو ئێرانو چەندین جار بەناوبژیوانیو ئامادەیی حسك نوێنەرانی دامو دەزگا جیاوازەكانی ئێرانو بەرپرسەكانیان سەردانی ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی یەكێتییان دەكردو لەگەڵ بەرپرسانی باڵای یەكێتی كۆدەبوونەوە. لەئاكامدا بەهەوڵی حسك یەكێتیو ئێران ئاشتبوونەوەو لەسەر هاوكاری هەردوولا پێكهاتنو جۆرێك لەپەیوەندی راستەوخۆو

ناڕاستەوخۆش لەنێوانیاندا دروستبوو.(34) گرنگی ئاشتبوونەوەی یەکێتیو ئێران بەنیسبەت جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردەوە لەوەدا بوو، کەئێران لەو قۆناغەدا وەك پەناگەیەك بۆلایەنەکانی نێو جوڵانەوەکە، بەتایبەت لایەنەکانی بەرەی جود وابوو، ئەگەر بهاتبا ئێرانو یەکێتی ئاشت نەبوونایەتەوە، پێدەچوو پرۆسەی ئاشتبوونەوەی گشتی لەنێوان یەکێتیو لایەنەکانی بەرەی جودیشدا سەری نەگرتایە، چونکە لەشەڕی ناوخۆدا ئێران پشتیوانییەکی ناڕاستەوخۆی گەورەی لەلایەنەکانی بەرەی جود دەکرد، ئەمە جگەلەوەی ئێران وەك دوژمنێکی گەورەی عێراق بەردەوام هاوکاری لایەنە کوردییەکانو هێزە بەرهەڵستیکارەکانی حکومەتی عێراقی دەکرد. بۆیە ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئێران، بۆسود لێوەرگرتنو درێژەدان بەخەباتی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لەپێناوی لاوازکردنو روخاندنی حکومەتی بەعس لەعێراقو وەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد، گرنگ بوو .

دواجار بەهۆی دەستپێشخەری حسك بۆبەدەمەوەچوونی بانگەوازەکەی یەکێتی بۆئاشتبوونەوەی گشتی، توانرا لەنێوان یەکێتیو لایەنەکانی بەرەی جود، لەو قۆناغەدا، ئاشتەوایی دروستببێتو جوڵانەوەی کوردی لەشەڕی ناوخۆو براکوژی رزگار بکرێت. هەوڵو تەقەلاکانیش یەکبخرێنو زەمینەیەك بۆپێکهێنانی بەرەیەکی سیاسیو سەربازی لەنێوانیاندا بڕەخسێنرێت. لەبەرئەوەش، کەهۆکاری سەرەکی شەڕو ناکۆکیو ململانێی نێوان یەکێتیو لایەنەکانی بەرەی جود، هەمیشە مەسەلەی فەرمانڕەوایی ناوچەکانو ناکۆکی لەسەر دەسەڵاتو ناوچەی فەرمانڕەواییو مەسەلەی گومرگ کۆکردنەوەو وەرگرتنی باج بوو، بۆیە لەم ئاشتبوونەوەو ریێکەوتننامانەی نێوانیاندا، ئەم دوو خاڵە گرنگەی لەخۆگرتبوو، کەبریتی لەدابەشکردنی ناوچەی دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی، لەگەڵ داهاتی باجو گومرگ. ئەم رێکەوتننامانە ئاکامو ئەنجامیان هەبوو، بۆیە پرۆسەی ئاشتبوونەوەی گشتیش شوێنی خۆی گرت.(35) بۆنموونە لەمادەی(5)ی لایەنی سەربازی پرۆژەی هاوکاری نێوان یەکێتی ی نیشتمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کە لەتارانی پایتەختی کۆماری ئیسلامی ئێران لەرۆژی (1986/11/8)دا ئیمزاکرابوو ئەوە هاتبووە کە:"لەمەسەلەی فەرمانڕەوایی ناوچەکانو گومرگدا، تاهەلومەرجێکی لەبار ئەبێ لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتردا واقیعی ئێستا حورمەت بگرن".(36)

بەمشێوەیە حسك سەرەتا توانی لەئیمزاکردنی رێکەوتنێکی ناوچەییەوە خۆی لەگەڵ یەکێتیدا ئاشتببێتەوەو لەولاشەوە هەوڵو تەقەلاکانی بۆناوبژیوانیکردن لەنێوان یەکێتیو لایەنەکانی تری بەرەی جوددا بەمەبەستی رێکەوتنو ئاشتبوونەوە بخاتەگەڕ. لەلایەك لەبەرئەوەی ویستو ئامادەییەکی راستەقینە لای لایەنەکانی نێو جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد لەو قۆناغەدا بۆئاشتبوونەوە هەبوو و

لەلایەکیتریشەوە لەرێکەوتننامە دوو قۆڵییەکانی نێوان یەکێتیو لایەنەکانی بەرەی جودیشدا مەسەلە بنەڕەتییە جێناکۆکەکان ئامرازی چارەسەرکردنیان بۆدانرابوو، بۆیە پرۆسەی ئاشتبوونەوەی گشتی سەری گرتو بەکرداری لایەنەکان پێکەوە ئاشتبوونەوەو لێرەوە سەرەتاو زەمینەیەکی لەبار بۆدامەزراندنو پێکهێنانی بەرەی کوردستانی هاتەئاراوە .

پەراوێزو سەرچاوەکان :

(1) نەوشیروان مستەفا: خولانەوە، ل32، یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان: گفتوگۆی، ل5، رێباز: قەندیل، ل108،205 .

(2) جگە لەهەوڵەکانی پێشوو، لەرۆژی (1984/4/16)فەرەیدون دارتاش‌و حەمەی حەمەباقی دەچنە برادۆست بۆبینینی بەرپرسەکانی حشع بۆئاشتبوونەوە، بەڵام ئەنجامی نابێت. هەر لەم قۆناغەدا مەکتەبی سیاسی یەکێتی نامە بۆپارتی دەنێرێ بەمەبەستی ئاشتبوونەوە، بەڵام وەڵامی نابێ. لەدەرەوەش چەند هەوڵێك لەگەڵ مەسعود بارزانی دەدرێت، ئەویش سودی نابێت‌و چەند مەرجێکی دەبێ لەوانە: یەکێتی وتووێژ لەگەڵ بەعس کۆتایی پێبهێنێت‌و یەکێتیش داوای لەپارتی کردبوو، ئەوانیش پەیوەندی لەگەڵ ئێران بپچرێنن، ئەمەش بەئاشکرا کاریگەری عێراق‌و ئێران بەسەر جوڵانەوەی کوردییەوە دەردەخات. دیسان لەرۆژی (1984/8/16) وەفدێکی یەکێتی کەپێکهاتبوون لە(ئازاد هەورامی، د.پێشەوا تاڵەبانی) لەگەڵ فەرەیدون دارتاش دەچن بۆچیای شیرین بۆلای حشع‌و لەکۆبوونەوەی نێوانیاندا چەند مەرج‌و خاڵێك باس دەکەن، بەڵام حشع مەرجیان بۆوتووێژو ئاشتبوونەوە ئەوەیەن کەیەکێتی بەیاننامەیەك لەسەر سەرکۆنەکردنی رووداوی پشتئاشان‌و وتووێژی یەکلایەنەی لەگەڵ بەعس دەربکات‌و کۆتایی بەوتووێژ لەگەڵیاندا بهێنێت‌و شەڕ دژی بەعس دەستپێبکاتەوە. بڕوانە یوسف حنا یوسف: مذکرات، ص131،132، نەوشیروان: خولانەوە، ل32،78 .

(3) ببیار مصطفی شریف: ترکیا وکوردستان العراق، الجارین الحائرین، ط1، مطبعة(خانی)، دهوك، 2008، منشورات مؤسسة موکریانی للبحوث والنشر(34)، اربیل، ص167، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، لەرۆژی (2009/6/18) سلێمانی .

(4) فؤاد معصوم: المسالة الکردیة وتشکیل الدولة العراقیة، فی کتاب عدنان المفتی: الحوار العربی- الکردی، ط1، مکتبة مدبولی، القاهرة،1999، ص(194)، محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری پێشمەرگەیەك، ب2، ل215 .

(5) بەیاننامەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان بەبۆنەی کۆتایی هاتنی وتووێژ لەگەڵ بەعس لەرۆژی (1985/1/15)، دەق لەفاتح رسول: صفحات، ج3، ص651 .

(6) بەیاننامەی بەرەی جود لەکۆتایی مانگی کانوونی دووەمی(1985)، دەق لەفاتح رسول: صفحات، ج3،

ص665 .

(7) نامەی شەوکەتی حاجی مشیر بۆ محەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی (1985/2/1)، دەق لەمحەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری، ب2، ل683 .

(8) نامەی محەمەدی حاجی مەحمود بۆشەوکەتی حاجی مشیر، لە رۆژی (198/2/2)، دەق لە ە.س، ل686 .

(9) بۆدەقی نامەکان بڕوانە ە.س، ل680-700 .

(10) سەرەتا لەگوندی(دۆڵاش) لەماڵی هاوڵاتی(محەمەد عەلی دۆڵاشی)دانیشتن دەکرێ، بەڵام ئێوارەکەی دەچنە گوندی ناوگردانو لەوێ رێکەوتنەکە ئیمزا دەکەن، صلاح الخرسان: التیارات، ص498،499 .

(11) بڕوانە رێکەوتننامەی حسكو یەکێتی لەناوچەی شارەزوورو سلێمانی لەرۆژی (1985/3/21)، لەپاشکۆی ژ(26)، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود .

(12) محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری، ب2، ل228، 229 .

(13) ە.س، ل237 .

(14) ە.س، ل258 .

(15) صلاح الخرسان: التیارات، ص498،499 .

(16) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شێخ محەمەد شاکەلی لەرۆژی(2009/2/24) هەولێر .

(17) نامەی جەلال تاڵەبانی بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی (1985/12/2)، هەروەها نامەی نەوشیروان مستەفا بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی (1986/1/14)، دەق لەمحەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری، ب2، ل728،718 .

(18) نەوشیروان مستەفا: خولانەوە، ل116 .

(19) پرۆتۆکۆلی هاوبەشی نێوان یەکێتیو حسك، بەرگەڵو، لەرۆژی(1986/4/21)، دەق لەمحەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری، ب2، ل739 .

(20) ە.س، ل739 .

(21) ه.س، ل739 .

(22) نەوشیروان مستەفا: خولانەوە، ل116، محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری، ب2، ل342،343 .

(23) نەوشیروان مستەفا: خولانەوە، ل116 .

(24) محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری، ب2، ل331 .

(25) نەوشیروان مستەفا: خولانەوە، ل115 .

(26) حزبی سۆسیالیستی کوردستان: دیاردەی جاشایەتی، ل18،19 .

(27) محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری، ب2، ل231، 333، 334 .

(28) ه.س، ل(32،33)،(336،337) .

(29) فاتح رسول: صفحات، ج3، ص456 .

(30) ئەو خاڵانەی کە یەکێتیو پارتی لەسەری رێکەوتن بریتیبوون لە :

ئەلف- هەوڵی تەواوو بەردەوام بۆبەگەڕخستنی هەموو تواناى هەردوولاو رووخاندنی حکومەتی بەعسی عەفلەقی عێراق .

بێ- دابینکردنی ئازادی چالاکی سیاسیو سەربازیو رێکخراوەیی هەردوولا لەهەموو ناوچەکانی کوردستانی عێراقو گەشەپێدانی خەبات .

جیم- وەستاندنی چالاکی راگەیاندنی هەردوولا لەدژی یەکتر، چ چالاکی راستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ .

دال- رێگرتن لەشەڕی براکوژیو حەرامکردنی. راگەیەنراوی هاوبەشی کۆبوونەوەی یەکێتیو پارتی لەتاران، لە رۆژی (1986/11/2)، دەق لەفاتح رسول: صفحات، ج3، ص455، صلاح الخرسان: التیارات، ص427 .

(31) پرۆژەی هاریکاری نێوان یەکێتی ی نیشتمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان لە رۆژی (1986/11/8) تاران، دەق لەفاتح رسول: صفحات، ج3، ص668،669 .

(31) بۆ دەقی نامەکانی مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی بۆعەبدولخالق هەورامیو محەمەدی حاجی مەحمود بڕوانە محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری، ب2، ل732-745 .

(33) لەفاتح رسول: صفحات ، ج3، ص436،437، بیروەرییەکانی مەلا حەسەن، ل83،84، نەوشیروان مستەفا: خولانەوە، ل121. ئەو خاڵانەی کەیەکێتیو حشع لەسەری رێکەوتن بریتیبوون لە :

ئەلف- هەرلایەك بڕیاری ئازادی چالاکی سیاسیو فیکریو رێکخستن بۆلاکەی تر دەدات .

بێ- هەردوولا پابەندن بەوەی نەچنە ناو رێکەوتنێکەوە، کەدژی لاکەی تر بێت .

جیم- ئاڵوگۆڕی بیروڕا بۆگفتوگۆکردنی بارودۆخە نوێیەکان .

دال- پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا لەهەردوولا، کە لەساڵێکدا دووجار کۆدەبێتەوەو لانیکەم بۆپتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان .

هاو- سەرکۆنەکردنی توندوتیژی وەك شێوازێك بۆچارەسەکردنی ناکۆکییەکانو حەرامکردنی بەکارهێنانی بەرەهاییو پشت بەستن بەوتووێژی دیموکراتی وەك تاکە شێواز بۆچارەسەرکردنی ناکۆکییەکانو پێکهێنانی لیژنەی هاوبەشی.....تاد، بڕوانە فاتح رسول: صفحات، ج3، ص439،440 .

(34) بۆدرێژەی چۆنێتیی سەردانی نوێنەرانی ئێرانی بۆلای یەکێتی لەرێگای حسکەوە بڕوانە نەوشیروان مستەفا: خولانەوە، ل102-105، ئەو خاڵانەی، کەیەکێتیو ئێران لەسەری پێکهاتن بریتی بوون لە :

ئەلف- ئێران پشتیوانی لەبزوتنەوەی نیشتمانی کورد لەدژی سیاسەتی داگیرکارانەی عێراقی عەفلەقی بکات .

بێ- ئێرانو یەکێتی پابەندن بەهاوکاری یەکتری بۆسەرنگومکردنی حکومەتی سەدام حسێنو بەدیهێنانی حکومەتێکی دیموکراسی سەربەخۆو میللی هەڵبژێردراو لەلایەن خەڵکەوە .

جیم- ئێرانو یەکێتی لەدژی هەموو ئەوانەی، کەدەسەڵاتو سەربەخۆیی عێراق دەخەنە مەترسییەوە هاوکاری یەکتری بکەن .

دال- هەردوولا بڕیاردەدەن سەبارەت بەجەنگو ئاشتی، بەهیچ شێوەیەك هەڵوێست وەرنەگرن بەبێ راوێژ.
کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی، ب2، ل77 .

(35) نەوشیروان مستەفا: خولانەوە، ل118 .

(36) پرۆژەی هاریکاری، دەق لەفاتح رسول: صفحات، ج3، ص668،669 .